# ڕاپۆرتی بێکەر – هاملتۆن ناکامی سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق!

نوری بەشیر
n.bashir3@ukonline.co.uk



ناکامی ستراتیج و سیاسەتی ئەمریکا لەعێراق، تەنها لەمەحدودەی عیراقدا نەماوەو ئەبعادێکی فراوانتری ناوچەیی و جیهانی بەخۆیەوە گرتوە، سیاسەتی شەرخوازانەو کوشتارو کاولکاری ئەمریکا بۆ کۆمەلگای موتەمەدنی دنیا رۆشنەو ناکامی سیاسەتەکانی لەعیراقدا ئاشکرایە، ناکرێ ئەمریکا لەعیراق ناکام بیتەوەو شکست بخوات، بەلام نەبێتە هۆی شکستی لەناوچەی خەلیج بەتایبەت لەبەرامبەر مەسەلەی فەلەستین و لوبنان و هەتا لەبەرامبەر هەلویستێك کەلەبەرامبەر ئیران و سوریادا بەنیاز بوو بیباتە پێشەوە، ناکرێ ئەمریکا لەعیراق شکست بخوات و بەلام لەبەرامبەر وولاتانی ئەوروپا و هەروەها لەبەرامبەر صین و یابان و هەتا کۆریادا پاشەکشە نەکات. ئەمریکا لەعیراقدا ناکام ماوەتەوەو شکستی خواردوە، بەلام دەرچون لێی بەشیوەی ئەمرۆ ئەوا، مەوقعیەتی ئەمریکا نەك لەعیراقدا لەئاستی جیهاندا دەباتە دواوە، هۆی ناکاممانەوەی ئەمریکا لەعیراقدا زۆر لایەنی ناوخۆیی ئەمریکاو لەعیراق و ناوچەکە تاسیر دارە، ئەمریکا لەهیرشی بۆسەر عیراق و روخانی رژێم بەعس و بەکوشت دانی زیاتر لە 650000 هەزار کەس و داروخانی کۆمەلگایەکی 25 ملیۆنی بەسەر یەکدا، بۆن بەخەونی جارێ دامەزراندنی دەولەتێکی دیموکرات و ئازاد لەناوچەکەدا. تەوەقوعی ئەمریکا بۆ سەرکەوتنی لەم شەرو کاولکاریە لەعیراقدا بەهەمان چاوو زەینیەت و سیاسەتێك کە لەئەفغانستاندا بەرێی خست بەرێوە چوو، تەوەهومی ئەوەی کەلەجەنگی عیراق و روخانی دەولەتی بەعس خەلك بەچەپکە گولەوە پیشوازی لەهیزەکانی ئەکەن، هەلوەشاندنەوەی سوپای عیراق و کوکردنەوەی گەندەلترین ئەحزابی ناسیونالیست و ئیسلامی لەدەوری خۆی، بەلام ئەوانە هەموی پیچەوانە دەرچون و لەشەرێك کەبەدژی تیرۆر بەرێی خست و بەنیاز بوو لەعیراقدا پاشەکشە بەئیسلامی سیاسی بکات سەدبەرابەر عەکس دەرهات، عیراق بوە ناوەندی ئیسلامی سیاسی و تیرۆریزمی ئیسلامی و قاعیدە، وە بوە ناوەندیك کەدەخالەتی سوریاو ئیران تیایدا بوە بالێکی سەرەکی هیزی دەخالەتگەری بۆ نائەمنی عیراق، کەبەناکامی ئەمریکاو ناجێگیری وەزعی عیراق و نائەمنیەتی زیاترەوە دەرهات، هاوکاران و ئەلقەلەگویکانی ئەمریکا لەعیراقدا سوك و بیئعتبار بوون، هیچ یەك لەوانە جگە لەهیزە ئیسلامیە ملیشیاییەکان ئەوانیش بەزۆری چەك و پارە، نەیتوانی خەلك لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. لەهەموو ئەوانەش گرنگتر و رۆشنتر تەوەهومی ئەمریکا بوو بەئەحزابێکی حاشیەیی و لاوەکی و بینفوزو ئیعتبرای عەرەب و کورد، لەقەومی و ئیسلامی، کەبتوانن لەعیراقدا وەلامدەرەوەی بردنەپیشەوەی سیاسەتی ئەمریکا بێت، ئەگەرچی هەموو ئەو حیزبانە لەهەوەلّ رۆژەکانی پەنجەمۆریان بۆلێدان لەعیراق، تاکو بردنیان بۆ ناو بەناو دەولەتیك کەئەمەریکا دروستی کرد لەعیراق بەئیتفاق و دانانی ئەحزابی کوردی وەك پاسەوانی سیاسەتی ئەمریکا لەکوردستان وەك وەرەقەی فشار لەسەر دەولەتی بەعس، بەدوایدا وەك وەرەقەی فشار لەسەر ئەحزابی شیعەو سونە لەعیراقدا، بەلام هەموویان نەك نەیانتوانی هەنگاوێك لەراستای سیاسەتی ئەمریکادا وەلامدەرەوە بن ( چەندە ئەلقە لەگوێی ئەمریکا بوون! ) بۆ جێگیر کردنی ئەمنیەت و ئیستقرار لەعیراقدا، بەلکو وجودی هیزی ئەمریکا تاکە زامنی مانەوەی ئەو حیزبانەو خۆداسەپاندنیانە بەسەر سەری خەلکی عیراق و کوردستان و ئیدامەی دەسەلاتیان، شیوەنی ئەو

ئەحزابانە بۆمانەوەی ئەمریکا لەعیراقدا هەر ئەوەیە. بەجیا لەوانەش بوونی خیلافاتی دەسەلاتەکانی ناوخۆی ئەمریکا لەبەرامبەر ناکام مانەوەی سیاسەتیاندا لەعیراق کەتاسیراتێکی جیهانی دەبێت و ئەگەر ئەمریکا لەعیراقدا شکست بخوات و بەوشکستەوە دەربچێت، ئەوا لەدنیادا بەبەرد هێزەکانی ئەمریکا راو دەنرێ، راپۆرتەکەی بێکەر - هاملتۆن وەلامێکی هەردوو لایەنی سەرەکی دەسەلاتدارانی ئەمریکایە بەو هەلومەرجە کە ئەمریکا تێی کەوتوەو دەبێت وەلامێکی ترو سیاسەت و ستراتیجێکی تر لەعیرقدا بەرێتە بێشەوە، کەئەوەش لەباتی رزگاری کردنی خەلکی عیراق و هێنانی ئازادی و دیموکراسی، دەوڵەتێکی سەرکوت و خویناوی لەپێکهاتەیەکی تر کەدەولەتی عیراقی لیدروست بکات.

راپۆتەکەی بێکەر - هاملتۆن بەقازانجی هیچ یەك لەخەلکی عیراق و کورتدستان نیە، تەنیا ریگایەك و سیاسەتیکی ترە بۆ نەجاتدانی ئەمریکا و ستراتیجی لەوەزعی ئەمرۆی، بۆ ئەمەش پیویست بەکۆکردنەوەی گەندەلترین و کۆنەپەرسترین ئەحزابی سیاسی ئەکات لەدەورەی داهاتودا تا ئەو سیاسەتە بەریتە پیشەوە، تا بەخەلکی عیراق دەگات خۆیان لەئاگرێك و سیناریوکی تاریکدان بەرەو خراپتریان دەبات، ئەو راپۆرتەو پیادەکردنی، خەلکی کوردستانیش لەریگای توافق و ئیدامەی سیاسەتی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەسیاسەتی ئەمریکاوە ئەبریتە ناو ئەو ئاگری جەنگیکەوە کەهیچ پەیوەندی بەخەلکی کوردتسانەوە نیەو هیچ قازانجیکی خەلکی کوردستانی تیا نیە جیا لەمالویرانی و کوشتار و نائەمنی، بۆیە لەئاست عیراق و کوردستان زەرورە کەهەنگاوی جیدی و خیرا هەڵبگیریت و خەلکی سەرتاسەری عیراق بێنە مەیدانەوە، کەلەهەریەکەیاندا کارکردو مەیدانی جیاواز دەخوازیت.

**بەشی یەکەم:**

## راپۆرتی بێکەر – هاملتۆن، زەرورەتی سیاسەتی ئەمریکا بۆ دەولەتیکی تازەی مەرکەزی سەرکوتگەر

ئەوەی بەناوی دەولەتی مالکیەوە لەعیراقدا مەوجودە هەموو شتیکە دەولەت نیە، کۆبونەوەی ئیتفاقی کۆمەلیك ئەحزابی میلیشیایی و سەرکوت و ئیسلامی تیرۆریستی و ئەحزابی ناسیونالیستی رەنگاو رەنگە هەریەك بەقازانجی تایبەتی خۆی کەهەموویان یەکی هەزار فرسەخ دورن لەقازانج و بەرژەوەندی خەلکی عیراقەوە، کوژرانی سەدەها هەزار کەس، ئاوارەبونی ملیۆنی خەلك، دارمانی کۆمەلگا بەسەریەکدا، نائەمنی لەشوینی کارو خویندن و مال و ریگاو باندا، تیرۆری کویرانەی لەهەمو شوینیکدا بەتاقاندنەوە و هاوەن و لیدانی تەیارەو قەصفی کویرانەو شەری ناوشارەکان و کوشتن بەپیی هەویەتی و بونی فیرقەکانی مەوت و سجنەنەکانی وەزارەتی داخلی وەزارەتی دیفاع و ئەمریکاو بونی ئەنواع و شەشکال لەباندی تیرۆریستی و ئینسان رفاندن و تەجاوز کردن بەخویندکاران و داسەپاندنی عورف و عادەتی دواکەوتوانەی ئیسلامی صیغەو بەزۆر حیجاب و هینانی لەشکری تیرۆریستی ئیسلامی سیاسی لەدەولەتانی جۆراو جۆرو دەخالەتی راستەوخۆی دەولەتانی ناوچەکە لەپیش هەموویانەوە جمهوری کۆنەپەرستی ئیسلامی ئیران بەئاشکرا، گەندەڵی ئیداری و دزی ئاشکرا، هەموی روخسارو واقعیەتی دەولەتەکەی مالکی دروستکراوی ئەمریکایە.

بەهیزبونی ئیسلامی سیاسی و باندە تیرۆریستیەکانی میلشیای مەهدی و بدرو ئیسلامی سیاسی سوننە و دەیان جۆری تر، هینانەوەی ئەفسەرانی سەرکوتی رژیمی بەعس، سیناریۆی دادگایی صدام و چەند نەفەر لەدارودەستەکەی لەلایەن حکومەتی عیراقەوە و دانانەوەی حکومی ئیعدام ، هیچی نەیتوانی وەلامدەرەی سیاسەتی ئەمریکا و جیگیر کردنی دەولەتی دلخوازی ئەمریکا بیّت، بۆیە ئەمریکای رووبەرووی لیدانی دریژماوەتر لەعیراق کردو نارەزایەتی خەلکی نەك تەنیا لەعیراقدا بەلکو لەئاستی جیهاندا جیهان و خەلکی ئەمریکا زیادی کردوەو خیلاف لەناو خودی بالەکانی هەردوو حیزبی دەسەلاتدار، چونەسەرەوەی کوژرانی زیاتری هیزەکانی ئەمریکا لەعیراق و پەرەسەندنی هیزە تیرۆریستیەکانی چەشنی

قاعیدەو ئیسلامی سیاسی و دەخالەتی زیاتری ئیران و سوریا لەعیراق و گەشەی تیرۆریزم لەناوچەکەدا، رۆژ لەدوای رۆژ ئەمریکای ناکام خستۆتەوە و سیاسەتەکانی بەرەو شکستی ئاشکرای ئەروات، هەموو ئەوانە دەخوازی ئەمریکا ستراتیج و سیاسەتی خۆی بگۆری لەعیراقدا، بەوەی کەگۆران لەدەسەلات و حیزبەکاندا بکات بۆ پیکهینانی دەولەتیك کەوەلامدەرەوەی ئەو هەلومەرجە بێت، ئەوەیش بەئالوگر لەدەولەتی ئیستاو هینانی هیزگەلیکی تری ئیسلامی و بەعسی و تەوافق دانیك پیان و پاشەکردن بەهیزەکانی صدرو لیرەوە مەیدان تەسکردنەوەە لەهیزەکانی قاعیدە و تەوافقاتیکی نوی لەگەل ئیران و سوریا لەریگای عیراقەوە، کەهەموو ئەوانە دەولەتیکی مەرکەزی سەرکوتگەر، کەهەلومەرجیکی خراپتر لەوەی کەئیستا هەیە بۆ خەلکی عیراق بەوجود دینی، وەکیشمەکیشی بالەکان و هیزەکان، جەنگی تیرۆریستەکان دەباتە ئاستیکی ترەوە، کەمالکاولی زیاتر بۆ خەلك بەوجود دینی.

ریگاو ئاسۆیەك کەلەمەیداندا بێت بۆ رزگارکردنی خەلکی عیراق لەو چارەنوسەو هەلومەرجی ئیستا، ریگا چارەی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری و وجودی کۆنگرەی ئازادی عیراقە کەخەلکی لەدەوری کۆبیتەوەو ئەمن ئاسایش بۆ خەلك دابین بکات، هیزەکانی ئەمریکا وەدەربنری و دەستکۆتایی هەموو ئەحزابە کۆنەپەرستە ناسیونالیست و ئیسلامیەکان بکریت.

**بەشی دووەم:**

## راپۆرتی بێکەر – هاملتۆن، شکستی ئەمریکا و ناکامی ئەحزابی ناسیونالیستی کوردی

تا بەکوردستان دەگەرێتەوە، راپۆرتەکەی بێکەر – هاملتۆن لێسەندنەوەی ئەو ئیمتیازو دەستکەوتانەیە کەخەلکی کوردستان بەرئەنجامی خەبات و نارەزایەتی خۆی بەدەستی هینابوو لەدەرپەراندنی هیزەکانی رژیمی بەعس لەکوردستان، کەئەمەش لەچاو خواست و داواکاریەکانی خەلکی کوردستاندا کەم بوەو خەلکی کوردستان خوازیاری ریگا چارەی یەکجاری و نەچونەوە ژیر باوەشی دەولەتی مەرکەزی عەرەبی ئیسلامی دەولەتی عیراق و جیابونەوەی کودستان و پیکهینانی دەولەتیك بوو لەکوردستاندا، بەلام بەخۆگریدانەوەی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد، بەستراتیج و سیاسەتی ئەمریکاوە لە 16 سالی رابردودا ئەم فرسەتەیا لەدەست خەلکی کوردستان سەندەوەو کوردستان لەلەباری عەمەلیەوە بەشیك نەبوو لەعیراق بەستەیانەوە بەعیراقەوە، وە خودی ئەو حیزبانەی بزوەتنەوەی کوردایەتی ئیمزایان دا لە دەولەتیکی عیراقی عەرەبی ئیسلامی، کەخەلکی کوردستان بەدەرەجە دوو دەهیلتەوە، ئەوە بەجیا لەشەری ناوخۆیی و گەندەلی سەرتاپایی هەردوو ئەحزابی دەسەلاتداری کوردی گرتۆتەوەو ئیستاش دەیانەوەی خۆیان لەگەل سیاسەت و ستراتیجی گۆراوی ئەمریکا لەعیراقدا جووت بکەن، بۆیە:

1- قازانج و بەرژەوەندی خەلکی کوردستان، دوورە لەقازانج و سیاسەتیك کەئەحزابی ناسیونالیستی کورد بەشوینیەوەن، وە هەمیشە ئەوەی بەقازانجی خۆیانە و پاریزگاری لەمانەوەیان دەکات بەشوینیەوەن و شکستەکانیان کەفیرن، بەشکستی خەلکی کوردستانی لەقەلەم دەدەن، بۆ ئەوەی سواری شەپۆرتی هیزو نارەزایەتی خەلك بن و بەکاری بهینن بۆ پاساوی شکستەکەیان، ترس دەخەنە بەردەم خەلکی کوردستان بۆ ئەوەی لەدەوری سیاسەتی خۆیان کۆوە بن، سیاسەتی خۆیان بەسەر خەلکدا فەرز بکەن، وە راپۆرتەکە فرسەتیکە بۆیان کەپاشەکشەو سەرکوتی نارەزایەتی پێبکەن لەکوردستاندا .

2- راپۆتەکەی بێکەر – هاملتۆن گۆرینی سیاسەت و ستراتیجی ئەمریکایە، و ریگایەکە کە ئیمتیازیك کەخەلکی کوردستان هەیانە لەئەمنبونی زیاتری کوردستان لەچاو بەشەکانی تردا کیش دەکات بۆناو ئەو جەنگە خویناویە، ودەیانباتەوە ژیر دەسەلاتی دەولەتیکی مەرکەزی کەبەنیازن پیکی بهینن، لەلایەکی ترەوە لیسەندنەوەی ئەو

ئیمتیازانەیە کەخەلکی کوردستان بەدەستی هیناوە، ئەحزابی ناسیونالیستی کورد بۆ پاریزگاری بەجیگاو ریگای خۆیەوەو خۆگریدانەوە بەسیاسەتی ئەمریکاوە ئامادەن خەلکی کوردستان ببەنە ناو ئەوسیناریۆ تاریکەو ئەو ئایندە نادیارەوە.

ئەو راپۆتە شتێك نیە جیا لەگۆرینی سیاسەت و ستراتیجی ئەمریکا لەعیراق، بۆ نەجاتدانی ئەمریکا لەو ناکامیەی تێی کەوتوە، ناکری داریژەران و مامۆستایانی سیاسەت و ستراتیجیك ناکام بیتەوە، بەلام ئەوانەی لەبەدریژایی تەمەنیان گریدراو و پاشکۆی ئەو سیاسەت و ستراتیجەبن ناکام نەکەونەوە، ئەگەرچی ئەحزابی ناسیونالیستی کورد دەیانەوێ خەلکی کوردستان بەوە چەواشە بکەن، کەئەو راپۆرتە جیایە لەسیاسەتی ئەمریکاو سیاسەتەکانی بۆشی کورو باوك بەرامبەر کوردستان، لەکاتیکدا ئەمریکا لەوەعدەو بەلینیکی بەخەلکی کوردستان داوە، نەقازانجی خەلکی کوردستان لەسەرو قازانجی خۆیەوە ئەزانیٚ!.
ئەوەی ناهیٚلیٚ خەلکی کوردستان بگەرینیتەوە بۆ ناو دەولەتیکی مەرکەزی سەرکوتی عەرەبی ئیسلامی لەعیراق و ناهیٚلی خەلکی کوردستان بەریتە ناو ئەو سیناریۆ رەشترەو ئەو ئاگری جەنگەی لەعیراقدا هەلگیرساوە و وا زوو دانامرکێتەوە، خۆجیاکردنەوەی خەلکی کوردستانە لەسیاسەت و قازانجی یەکیتی و پارتی، کە قازانجی ئەو حیزبانە مانای قازانجی خەلکی کوردستان نیەو خەلکی لەزیاتر لەدەیەیەك ئەم راستیەیان بەچاوی خۆیان بینیوەو تەجروبەیان کردوە، هاتنە مەیدانی خەلکی کوردستان زەرورە بۆ نەبەستنەوەی کوردستان بەدەولەتیکی قەومی عەرەبی و ئیسلامی عیراقیەوە، خەلکی کوردستان هەقیانە کەچیتر دەرەجە دوویی قبول نەکەن بەپەلکێش کردنەوەیان بۆناو دەولەتیکی قەومی عەرەبیەوە، ئەویش بەجیابونەوەی کوردستان و پیکهینانی دەوەلەتیکی سەربەخۆ مسۆگەر دەبیت، بۆ ئەم ریگا چارەیە حیزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراق لەدەیەی رابردودا لەمەیداندا بوەو ئیستاش لەکوردستان و لەئاستی دنیادا بۆ ئەمە بەجدی کار دەکات.

**2006/12/28**